وەڵامێك بۆ كاكەی هەریری .... دڵشاد ئیبراهیم

هەر خوێنەرێك ووتارەكەی ناوبراومحەمەدهەریری خوێندبێتەوە لە ژێر ناونیشانی (مانگی ڕەمەزانوتەنەكەیەك زبڵ لە ووتاری بێ زەوق!) ئەوا قێزی لەو بێزەوقترین ووتارە دەبێتەوە! ئەوەندە ووشەی ناشرینوبێبەها بەكارهێنراوە كە رووی شەڕەنگێزیوهیستریا بە نووسەرەكەیەوە دیارە كە هێشتا دەیەوێت كۆمەڵگا وەكو سەردەمی جەهالەتی هە زار و جوار سە د سال ساڵ پێش بێت.

هەریری دەڵێت: <u>بەداخەوە هەروەك چۆن لە بوارەكانی تری ژیانیش ئێمەی كورد هەردەم لە پاشەوەین وادیارە لە بێزەوقیش سەرقافڵەین.</u> من دەڵێم ئەگەر كورد لەهەر بوارێكدا بە دواكەوتوو ناسرابێت هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ وابەستەبوونی بە دواكەوتووترین ئاین كە ئیسلامە، وە هەر پێشكەوتنێكی میللەتی كورد بەدیبكرێت لە دنیای ئەمڕۆدا ئەگەڕێتەوە بۆ خۆداتەكاندنی لە تۆزی ئەو ئاینەی كە هەریری پێڵاوی بچووكترین داگیركەری لەشكرەكەی ناگۆڕێتەوە بە هەموو قەڵەم بەدەستانورۆشنبیرانی بێدین!

هەریری لەشكری ئیسلام بە ڕزگاركەر ناودەبات لەكاتێكدا ئەگەر چاوێك بە لاپەڕەكانی مێژوودا بخشێنین دەبینین هیچ لەشكرێك هێندەی لەشكری ئیسلام داگیركەروخوێنڕێژوبكوژی مرۆڤایەتی نەبووە،

كە ئێستاش هەر هەڵگرانی ئەودینەن بوونەتە گەورەترین مەترسی لەسەر ئاشتی تەواوی جیهانورۆژانە لێرەو لەوێ دەستیان بەخوێنی ڕۆشنبیرانو پێشكەوتنخوازانومناڵوپیرو لاوان سوور دەبێتو بەكوشتنیش وازیان لێناهێنێنو سەریشیان لەلاشەیان جیادەكەنەوە،

هەریری باس لە ڕێزگرتن لە پیرۆزیەكانی زۆرینەی خەڵكومیللەت دەكات كەبەبۆچوونی ئەو95%ی كورد پێك دێنن لەكاتێكدا حەفتاوپێنج لە سەدی ئەو ڕێژەیە تەنانەت ئایەتێكی قورئانیشیان بۆ ناكرێت بە كوردیو لە مەبەستەكانی تێناگەنوتەنها كوێرانە دوایكەوتوون! بەڵام دڵنیام لەگەڵ بەردەوامی پێشكەوتنی كۆمەڵدا ئەو ڕۆژە دادێ كە ئەوانیش وەكو ئەوكەمینە چەپڕەو ونەتەوەچیەی كە هەریری بە دەبەنگیان ناو دەبا، خۆیان لەو كاروانە سەرابیە جودا بكەنەوە،

هەریری باس لە داوێنپاكی شوێنكەوتووانی ئاینی ئیسلامو ناموس دەكاتو گوایە دینەكەی فێری ئەوەمان دەكات چاونەبڕینە ناموسی ژنان لەكاتێكدا ئەوەندەی داوێنپیسیو چاوبڕینە ناموسی ژنان لە سەردەمی حوكمی موحەمەدو خەلیفەكانی هەبوە لە هیچ سەردەمو كاتێكدا بەئێستاشەوە نەبوە!

هەر بۆ نموونە مێژووی محەمەد بخوێننەوەو بزانن چەند ژنی برایانی موسوڵمانی بەتەڵاقدان داوەو خۆی مارەیكردونەتەوە!

هەریری زۆر بێئینسافانە تۆمەت ئەخاتە پاڵ میللەتی كوردو بە خاینترین میللەتی ناودەبات بەڵام خۆیوهاوبیرانی ئامادەن لەپێناو پێغەمبەرێكی عەرەبو كتێبەكەیدا قەسابخانەیەك بۆ میللەتەكەیان دانێنو سەروكەللە لە لاشە جیابكەنەوە،

لەكۆتاییدا دەڵێم نازانم پیرۆزی مانگی ڕەمەزان لەكوێدایە كاتێك ڕووخساری بێزەوقیو تووڕەیی سەرو گوێلاكی خەڵكی دادەگرێتوخەڵكی بەئاواتەوەن زوو. . (الوداع) . . ی لێبكەن. . !!